



# دەنگی هونەر، لە دەنگی جەنگ بەرزترە

## لەبارەی ڕۆمانی «سڕبوونی ڕەنگ»ـەوە

جەبار سابیر
(سلێمانی)

لای ڤلادیمێر نابۆکۆڤ، نووسەر بە بڕبڕەی پشتی دەنووسێ، واتا نووسەر ئەوەندە دادەنیشێ بۆ نووسینی کارێکی گرنگ و جوان کە بڕبڕەی پشتی دەکەوێتە ژان. کاری نووسین بەرگەگرتن و تاقەت و تواناییەکی زۆری دەوێ و هەر نووسەرێک ئاگاداری ئەمە نەبێت و خۆی بۆ ئامادە نەکات، ناتوانێ کاری گەورە، یان شاکار بنووسێ.

نیکۆس کازانتزاکیس دەڵێ: لە هەر کوێ بینیت وشە و دێڕەکان تەڕن، ئەوە بزانە بە فرمێسکی چاوم نووسیومە. ئەمە بەتایبەت بۆ ئیمەی کورد وایە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەوەندە ئەزموونی دیتنی دنیامان نییە و کولتوورێکی سەفەرمان نییە تا شارەزای دنیا بین و ئەم شتانە بۆ ئێمە زۆر تازەن، بۆیە نووسەری ئێمە کە دێت و باس لە ڕووداوە گەورەکانی دنیا دەکات دەبێت گەڕان و پشکنینێکی زۆر بکات و ئەوسا بۆ نووسینی کارەکەی دابنیشێ. هیچ کەسێک بێ زانیاری و گەڕان و ماندووبوونی زۆر ناتوانێ لەسەر ڕووداوێکی گەورە بنووسێت، ئەگەر بشنووسێ نووسینەکەی نابێتە کارێکی گەورە و هەرمان لە دنیای ئەدەبیاتی ئێمەدا.

دنیای ئەمڕۆ هێندە بچووک بووەتەوە، هاتووەتە نێو دەستەکانی مرۆڤەوە. هەموو مرۆڤێکی ئەمڕۆ دەتوانێ لە ڕێگەی مۆبایل، یان کۆمپیووتەرەکەیەوە دنیای لە بەردەستدا بێت. ئەم ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتنەی مرۆڤایەتی وای کردووە مرۆڤ سەر لە هەموو شتێک دەربکات و ئاگای لە هەموو شتێک بێت لە دنیادا.

ئەم بابەتە، واتا ئەم پێشکەوتنە بۆ مرۆڤی ئەمڕۆ ئەوەندە گرنگ و سەرسوڕهێنەرە کە دەتوانێ لە ماوەیەکی زۆر کەمدا

زانیاری لەسەر هەموو شتێک پەیدا بکات و بۆ هیچ شتێک پەکی نەکەوێت، ئەوجا ئەگەر ئەو مرۆڤە نووسەریش بێت، ئەوە هەر زۆرباشە و دەتوانێ لە ڕێگەی گەڕانەوە، سەر بە هەموو کونجێکی دنیادا بکات و شارەزایی لەسەری پەیدا بکات.

ئەمە لای فەرهاد مستەفای ڕۆماننووس بە تەواوی دیارە و خوێنەر کاتێک ئەم ڕۆمانە گەورە سەروو سێسەد پەڕەییەی دەخوێنێتەوە، هەست بەم گەڕان و ماندووبوونەی دەکات. فەرهاد مستەفا لە سەروەختی جەنگی عێراق – ئێراندا سەرباز نەبووە و تەمەنەکەی هی ئەوە نەبوو ناوی بۆ سەربازی بێتەوە و بە هەموو ئەو دەردەسەری و ئازار و ئەشکەنجەیەدا تێپەڕێ، کە دلاوەری پاڵەوانی ڕۆمانەکەی پێدا تێپەڕیوە، بەڵام کاتێک بیری لە نووسینی ئەم ڕۆمانە کردووەتەوە و لە خەیاڵی خۆیدا نەخشەکەی کێشاوە، ئەوەندە گەڕاوە و ئەوەندە وردبووەتەوە، لە هیچ کوێیەکی ڕۆمانەکەیدا هەڵەیەکی ئەوتۆی نەکردووە، ئەمەیش دەمانباتەوە سەر کات و شوێن لە ڕۆمان و گێڕانەوەدا. کاتێک نووسەر کات و شوێنیک واتا جوگرافیایەک و زەمەنێک بۆ ڕۆمانەکەی هەڵدەبژێرێ، دەبێت لە سەرەتاوە خۆی بۆ ئەوە ئامادە بکات و شارەزایی لە کات و شوێندا پەیدا بکات.

لەم ڕۆمانەدا زەمەن ساڵانی هەشتاکانە و شوێنیش سەرەتا بەغدا و دواتر زیندانەکانی ڕینییەی مازندەران و کارێزەی بەحرییە کە بەشێکی زۆری دیلەکانی عێراقیان لەوێ زیندانی کردبوو، پاشان بە فلاشباکیش بۆ سەردەمی منداڵی و شاری سلێمانی دەگەڕێتەوە. نووسەر گەڕانێکی زۆر بە شارەکانی بەغدا و تاراندا دەکات و لەوێشەوە قسەیەکی زۆر لەسەر هونەری هەر دوو شارەکە دەکات، ئەمەیش بە گەڕان و شارەزایی زۆر دروست دەبێت. کاتێک ئەم ڕۆمانە دەخوێنییەوە هەست دەکەیت ئەم نووسەرە تەمەنێکی زۆر لەم دوو شارە ژیاوە و شارەزای کونوکەلەبەریەتی و شارەزاییەکی زۆریشی لەسەر هونەری هەر دوو شارەکە هەیە.

تێکەڵبوون لەگەڵ بنەماڵەی سەرهەنگ ڕەفیعی، کە نووسەر زۆر شارەزای لە دابونەریتی فارسدا پەیدا کردووە، کاتێک دلاوەر دەباتە ناو ئەو خێزانەوە، دەزانێ دەبێت چۆن ڕەفتار بکات و سەرەتا وەک دیلێک، پاشان وەک مرۆڤێکی نافارس چۆن لەگەڵیان هەڵبکات و لەسەر مێزی نانخواردن لەگەڵیان دابنیشێ.

بەڵام نووسەر وشیارانە کاری لەسەر ئەوە کردووە ڕۆمانەکەی تەواو کرۆنۆلۆژیانە نەبێت و وشیارانە پاڵەوانێکی هەڵبژاردووە کە شێوەکارێکی ئەکادیمییە و دەزانێ دەبێت ئەوەندەی پێ بێت بتوانێ قسە لەسەر هونەر و ئەدەب بکات.

سەرباری گەڕان و بە دواداچوون لەسەر جەنگەکە، بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەی وشک و سارد نەبێت و لە سنووری کات و شوێن تێپەڕێ و ناوی یەک دنیا فیلم و تابلۆ و نووسەر و ڕۆمانی گەورەی دنیا دەهێنێ و هیچیشی لە گۆترە نییە و هەمووی وەک خشتێک لە تەلاری ڕۆمانەکە و گێڕانەوەدا ڕۆڵیان هەیە و ئەستەمە بتوانی لایانبەریت، ئەمەیش دوای خوێندنەوە و ئاگاییەکی زۆری نووسەر هاتووە و تەنیا بۆ لاف لێدان و دەرخستنی ئاستی بەرزی خۆی نییە و نایەوێ بە ڕووی خوێنەریدا بدات، بەڵکوو وەک بەشێک لە ناواخنی ڕۆمانەکەی بەکاری دەبات و لەم ڕێگەیەوە گێڕانەوەکەی تۆکمەتر دەکات.

دەوترێ دەبێت زەمەنێکی زۆر بەسەر ڕووداو و کارەساتە گەورەکاندا تێپەڕێ تا دواتر نووسەران

و ڕۆماننووسان بێن و کار لەسەر ئەو کارەسات و ڕووداوانە بکەن، چونکە ئەوسا ئاسۆی دیتنیان فراوان دەبێت و قسەی شایەتحاڵ و ڕزگاربووەکانی جەنگ و کارەساتەکان دەبیستن و دەتوانن وردتر کاری لەسەر بکەن، واتە دەبێت کەمێک دوور بکەونەوە و مەودا بگرن، ئەوسا دەتوانن قسەی لەسەر بکەن.

جەنگی هەشت ساڵەی عێراق- ئێران کە لە ساڵی ١٩٨٨ کۆتایی هات، ماوەیەکی زۆر، نزیکەی بیست ساڵێکی ویست تا ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبیات و هونەر، بەتایبەت لە ڕۆماننووسیندا دەربکەوێ. کەم نین ئەو نووسەرە عێراقییانەی دوای کەوتنی ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن کاریان لەسەر زەمەنی حوکمڕانی بەعس، بەتایبەت کاریگەرییەکانی جەنگی هەشت ساڵە کردووە و ڕەنگە لێرەدا پێویست نەبێت دیسان ناوی خۆیان و ڕۆمانەکانیان بهێنین و ئەوەی خوێنەری ڕۆمان بێت، لانی کەم چەند ڕۆمانێکی لە ڕۆماننووسانی عێراقی خوێندووەتەوە، کە کاریان لەسەر ئەو جەنگە کردووە و کردوویانە بە ئەدەبیات.

ئەم جەنگە بۆ ئێمەی کورد زۆر ماڵوێرانکەر بوو، چونکە لە هەردوو بەرەی شەڕکەردا ئێمە هیچ ئامانجێکمان نەبوو و بە مردن و زیندوومان هەر زیانمان بەردەکەوت، ئەمەیش ڕەگێکی دووروودرێژی سەدان ساڵەی هەیە و بە درێژایی ئەم سەدە زۆرانە، ئێمە هەمیشە لەلایەن فارس و عەرەبەوە ستەممان لێ کراوە و هەمیشە سووتەمەنی شەڕی نێوان ئەوان بووین. کورد لەم نێوەدا هەمیشە بیری لە دۆڕانی هەر دوولا کردووەتەوە و بەوە دڵخۆش بووە هەر دوولا تا دەتوانن لە یەکتری بکوژن، بەڵام ئەم بیرکردنەوەیەش بە زیانی خۆی بووە و کوشتوبڕی ئەو دوو نەتەوەیە لە یەکتری، کوردیشی بە شوێن خۆیدا پەلکێش کردووە و هەمیشە بە زۆرترین زیانەوە لە جەنگەکانی ئەو دوو نەتەوەیە هاتووەتە دەرێ، هەر ئەمەیش وای کردووە خاکی کوردستان هەمیشە شوێنی یەکلاییکردنەوەی جەنگەکانی ئەوان بووبێت، تەنانەت بەر لە مێژووی نوێ و دروستبوونی ئەم عێراقەی ئەمڕۆیش، ئێمەی کورد لە جەنگەکانی نێوان هەر دوو ئیمپراتۆری فارس و تورکدا پلیشاوینەتەوە.

ڕۆمانی «سڕبوونی ڕەنگ»ی نووسەر فەرهاد مستەفا، کارکردنێکە لەسەر جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق وەک هەڵگیرسێنەری شەڕەکە و ئێران وەک وڵاتێکی پەلاماردراو. ئەم جەنگە ملیۆنێک کوژراو و نزیکەی نیو ملیۆن دیلی لێ کەوتەوە و ئاڵوگۆڕی تەرم و دیلەکانیش تا پێش ڕووخانی سەدام و ڕژێمەکەی و دواتریش بەردەوام بوو. دلاوەری پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە کوردە و خەڵکی سلێمانییە. دلاوەر شێوەکار و لە بەغدا ئەکادیمیای شێوەکاری تەواو کردووە، دواتر ناوی بۆ سەربازی دێتەوە، ساڵێک و شەش مانگ لە سەربازگەی ڕەشید دەمێنێتەوە، کە ئەفسەرە تکریتییەکە دەزانێ ئەم کوردە لە بەشی قەڵەمی سەربازگەکە دانراوە» کە بەشێکی هەستیار و گرنگە، فەرمانی گوێزانەوەی دەردەکات و گوێ بەوە نادات ئەویش وەک خۆی عێراقییە و دەرچووی ئەکادیمیای شێوەکارییە و ڕەوانەی ناوچەی مەندەلی دەکات و هەر زوویش دیل دەکرێت، بەو هەموو حەز و خولیایەوە بۆ شێوەکاری و خۆشەویستی بۆ «خلوود» کە زۆری خۆش دەوێ.

ڕووداوەکان لە دوای دیلکردنییەوە لە ناوچەی مەندەلی دەست پێ دەکەن و دواتر نووسەر بە

فلاشباک بۆ ژیانی بەر لە سەربازی و دیلکردنی دەگەڕێتەوە. بە درێژایی ئەو ماوە زۆرەیش، ئەوەی دلاوەر بە پێوە دەهێڵێتەوە خەیاڵی خلوودی خۆشەویستیەتی کە لە ڕێگەی ئەم خەیاڵەوە پێمان دەڵێت مرۆڤە ئاساییەکان گرفتێکیان لە تێکەڵبوون نییە، نەتەوە و زمان و جوگرافیا ناتوانن مرۆڤەکان لێک جیابکەنەوە، ئەگەر دەسەڵاتداران لێگەڕێن، دلاوەر باسی ئەوە دەکات کە خلوود هەمیشە ئاگای لێی بووە و پارەی لە دایکی وەرگرتووە و داوێتی بەو تا لە خوێندن بەردەوام بێت، تەنانەت دەیباتە ماڵەوە و بە خێزانەکەی دەناسێنێ و ئەوانیش هیچ گرفتێکیان نییە لەوەی ئەو کوڕەی عاشقی کچەکەیان بووە کوردە. لێرەیشدا دیسان دەگەڕێینەوە سەر هونەر و ئەوە دەبینین کە هونەر چەندە کاریگەرە بۆ نزیککردنەوەی مرۆڤەکان لە یەکتری و سنوورە جوگرافی و زمانی و نەتەوەییەکان تێک دەشکێنێ و مرۆڤایەتی دروست دەکات.

دەستپێک، یان دەروازەی هەموو ڕۆمانێک گرنگترین خاڵی سەرکەوتنی ئەو ڕۆمانەیە. لێرەوە نووسەر دەتوانێ خوێنەر بۆ تووناتوونەکانی گێڕانەوەکەی پەلکێش بکات و نەهێڵێ دەستبەرداری کتێبەکەی بێت. زۆر لە نووسەران لەسەر ئەوە کۆکن دوای دۆزینەوەی دەروازەیەکی جوان و سەرنجڕاکێش، ئیتر کارەکە خۆی دەڕوات و نووسەر دەتوانێ بەرەو پێشی بەرێت. پاش ئەمە ئیتر ڕووداوەکان شێوە وەردەگرن و نووسەر دەتوانێ بەردەوام بێت، بەڵام لێرەیشدا وەک هەمینگوای دەڵێ، مەرجێکی تر هەیە، ئەویش یەک ڕستە و پەرەگرافی ڕۆژی دواتر، نووسەری زیرەک هەمیشە بیر لەوە دەکاتەوە کاری ئەمڕۆی تەواو بوو، سبەی لە کوێوە دەست پێ بکات، هەر بۆیە یەکەم ڕستە، یان پەرەگرافی سبەیش دەنووسێ و ئەوسا ئاسوودە و بێخەم دەبێت و سبەی لە هەمان شوێنەوە دەست پێ دەکات و دەچێتە پێشێ. تۆڵستۆی بۆ دەستپێکی ڕۆمانی «ئانا کارنینا» دەیان پەرەگراف دەنووسێ، تا دەگاتە ئەم پەرەگرافە: «بەختەوەری هەموو خێزانەکان لە یەک دەچن، بەڵام بەدبەختی هەر خێزانێک لەوی تر جیاوازە.»، لێرەوە خوێنەر دەیەوێ بزانێ ئەمە بۆ وایە و چۆن وایە، کاتێک دەزانێ ئەم ڕۆمانە گەورە دوو بەرگییەی خوێندووەتەوە. ویلیەم فۆکنەر دەڵێ: ئەوەندە دەستکاری ڕۆمانی «ژاوەژاو و توندوتیژی»م کرد و نزیکەی پازدە جار پێیدا چوومەوە تا ئەمەی لێ دەرچوو، بە ڕاستی دڵم بۆ ئەم ڕۆمانەم دەسووتێ.

فەرهاد مستەفا دەستپێکی ڕۆمانی «سرپوونی ڕەنگ» بەم شێوەیە دەنووسێ: «کەسێک سەرهەنگ ڕەفیعی بناسێت، بە سەرسامییەوە تەماشای ڕوخساری ناکات. بیست ساڵێک لەمەوبەر، نەخۆشییە دەگمەنەکەی باوکی لێ دەرکەوت. ئەو کاتە لە کەتیبەی پیادەی ناوچەی ئەهواز، ستوانی دووەم بوو.»

خوێنەر یەکسەر دوای خوێندنەوەی ئەم دەستپێکە لەگەڵ خۆی دەستەویەخە دەبێت و پرسیار لە خۆی و دواتر لە ڕۆمانەکە دەکات، ئەم سەرهەنگ ڕەفیعییە کێیە؟ ئەم بیست ساڵە چییە؟ ناوچەی ئەهواز و کەتیبەی پیادە و ستوانی دووەم چییە و بەم جۆرە ناتوانێ ڕۆمانەکە دابنێ و لە خوێندنەوە بەردەوام دەبێت. لێرەشەوە خوێنەری وشیار یەکسەر تێ دەگات کە چیرۆکێک هەیە و ئەم چیرۆکە بیست ساڵ دەخایەنێ و دەکرێ لەم بیست ساڵەدا یەک دنیا ڕووداو هەبن و ئەمیش دەیەوێ بچێتە ناو ڕووداوەکانەوە.

نووسەر لە ڕێی دلاوەری پاڵەوانییەوە بۆ ناو

مێژوو دەگەڕێتەوە و لەوێوە بۆچوونی ئەوانی تر، بەتایبەت عەرەب و فارس لەسەر کورد دەخاتە روو. ئەم دوو نەتەوە سەردەستە هەر بەوەوە نەوەستاون کورد بکوژن و لەناو ببەن، هەمیشە ویستوویانە بوون و کەینوونەی بسڕنەوە و لەم نێوەشدا پەنایان بۆ هەموو جۆرە تۆمەت و پێداهەڵشاخانێک بردووە. ئەوەتا ئوستاز سەعدوون جەنابی کە هاوڕێیەکی باشی دلاوەرە لە زیندان، باسی کەسێکی وەک «مەسعوودی»ی مێژوونووس دەکات کە لە کتێبەکەیدا «مروج الذهب» ناتوانێ چاوی لێ بنووقێنێ کە کوردی بە جنۆکە لە قەڵەم داوە، ئەمەیش دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی «ئەمین زەکی»ی مێژوونووس دێت کە وەک کوردێک لە ڕێگەی کتێبەکانییەوە چۆن هەوڵی داوە ئەم بۆچوونەی ئەوان لەسەر کورد بگۆڕێت. لێرەیشەوە نووسەر پێمان دەڵێ بۆ نووسینی ڕۆمان هەر ئەوە بەس نییە ئەدیب بیت، دەبێت شارەزاییەکی زۆرت لە هەموو بوارەکاندا هەبێت، بەتایبەت مێژوو، بۆ ئەوەی بتوانی بە مێژووی ململانێکاندا شۆڕبیتەوە و قسەی خۆتی لەسەر بکەیت.

## کەسێتی لەم ڕۆمانەدا

کارەکتەر، یان کەسێتی دلاوەر، کە شاکەسی ئەم ڕۆمانەیە، زۆر سەرومڕ و بێ کێماسییە و پڕ بە پێستی ڕۆمانەکە و ڕووداوەکانە. ئەو وەک ڕەنگەکانی، وەک تابلۆکانی، وەک پەیکەرەکانی، سڕە و بە درێژایی ئەم ڕۆمانە دلاوەر لە دۆخێکی متبوون و سڕی تەواودایە و کەمترین قسەی هەیە، ئەو قسانەی هەشیەتی لە ڕێگەی فلاشباکەوە دەوترێن و بەر لە دیلکردنیەتی، ئەم سڕییەی دلاوەر، ئەم بێدەنگییە بە ناوونیشانی ڕۆمانەکەوە گرێ دەدرێتەوە و سڕبوونی خودی هونەرمەندیش وەک هونەر و ڕەنگ و فڵچەکەی دەستیەتی. لێرەشەوە دەچینەوە سەر قسەیەکی ڤیرجینیا وۆلف کە دەڵێ: «من باوەڕم وایە سەروکاری هەموو ڕۆمانەکان... تەنیا لەگەڵ کەسێتییە؛ تەنیا بۆ دروستکردن و کێشانی کەسێتییە، کە ناخی چیرۆکیان داڕشتووە و پەروەردەیان کردووە، نەک بۆ ئەوەی بەوە خەریکی پڕوپاگەندە و هەڕمێن پێدانی پەند و بۆچوونی کەسانێک بن، یان دەست بکەن بە سروود و ستایشی ئیمپراتۆری بەریتانیا لەوێدا.» لێرەدا مەبەستی وۆلف ئەوەیە دەبێت هەموو ڕووداوەکانی ڕۆمانێک لە دەوری کەسێتی سەرەکی بخولێنەوە و باسی ئەو کەسێتییە بکەن کە لەم ڕۆمانەدا ئەمە بە تەواوی کاری لەسەر کراوە.

## ڕەنگدانەوەی بۆچوونی نووسەر لە کارەکەیدا

دەزانم پێت خۆش نییە لێگەڕێی بۆچوونە تایبەتییەکان دەست وەربدەنە ڕۆمانەوە، بەڵام ئایا ئەمە ڕاستە؟ مرۆڤ ناتوانێ فیکر و فەلسەفەیەکی ڕاستەقینەی هەبێت بێ ئەوەی ئەو فیکر و فەلسەفەیە هیچ دەرکەوتنێکیان هەبێت. جۆرج ساند بۆ گۆستاف فلۆبێر. فەرهاد لەم ڕۆمانەدا زۆر قووڵ بۆچوونی خۆی دەڵێ و لە زاری پاڵەوانەکەیەوە دەریدەبڕێ. بۆچوون لەسەر جەنگ و زیندان و هونەر و ئەدەب و زۆر شتی تر لە ژیاندا.

وەک هەر ڕۆمانێکی تر ئەم ڕۆمانەیش کار لەسەر ژیانی مرۆڤ دەکات. «ژیانی مرۆڤ بابەتی ڕۆمان نییە، بەڵکوو قورخانەیەکی بێکۆتاییە کە چەندان جۆرە بابەتی لێ هەڵدەبژێردرێ و ناوی ئەمانە لەشکرە؛ هونەرمەندی ڕاستەقینە لەگەڵ

هەر بابەتێک نەخشەی لەشکرکێشی خۆی دەگۆڕێ و شوێنی هێرشبردن دەگۆڕێ. ڕۆمان وێنەیەکە لە ژیان و ڕەفتارە واقعییەکانی؛ هەروا وێنەیەکە لە سەردەمێک کە ڕۆمانەکەی تێدا دەنووسرێ. ئەدەبیات بە درێژایی مێژووی خۆی لە ژیانی مرۆڤ دوور نەکەوتووەتەوە، ئەدەبیات بۆ خۆی ناڕەزاییانە بەرانبەر بێدادییەکانی ژیان و ئەمەیش لەوێوە دێت کە لە ناو هەموو بوونەوەراندا تەنیا مرۆڤ هەست بە ئازار و نادادی دەکات و هەوڵی گۆڕینی دەدات، لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ فێری نووسین بووە و قەڵەمی بە دەستەوە گرتووە، پشتریش کاتێک ئاشووربانیپاڵ کاتێک بڕیار دەدات ئەفسانەی گیل گامێش بنووسێتەوە، هەمووی بۆ تۆمارکردنی ئەو ژان و ئازارەی مرۆڤایەتی بووە و مرۆڤ ویستوویەتی لە ڕێگەی نووسینەوە ئەگەر ژیانی خۆیشی نەگۆڕێ، ژیانی نەوەکانی دواتر بگۆڕێ.

لۆرانس دەڵێ: متمانە بە چیرۆک بکە نەک بە چیرۆکگێڕەوە. کاتێک دلاوەر دەگاتەوە خاکی وڵات، خوێنەر چاوەڕێیە وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی، وەک دیلێکی جەنگ دوای هەژدە ساڵ دیلی، یەکسەر بکەوێتە سەر ئەژنۆ و خاکی وڵات ماچ بکات. بە دڵنیاییەوە ئەمە بۆچوونی نووسەر نییە، بەڵکوو نووسەر دەزووی بۆ کۆلارەی خەیاڵی شل کردووە و وازی لە پاڵەوانەکەی هێناوە چی دەکات بیکات، بە مەرجێک لەگەڵ لۆژیکی گێڕانەوەکەی بگونجێ، لەگەڵ هەژدە ساڵ دیلی و دوورە وڵاتی. ئەویش ڕێک ئەوە دەکات کە پێچەوانەی چاوەڕوانی خوێنەرە. زۆر ئاسایی دێتەوە و خاکی وڵات ماچ ناکات. ئەگەر ماچی بکردایە دەبووە پاڵەوانێکی ئاسایی و ڕۆمانەکەیش ئاراستەیەکی دیکەی وەردەگرت، بەڵام دلاوەر کەسێکی ئاسایی نییە، جەنگ و دیلی لە بنەماوە هەڵیان تەکاندووە و گۆڕیویانە.

## زیندان وەک تێمای ڕۆمان

ئەم ڕۆمانە قسە لەسەر زیندان دەکات، زیندان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتێکی وەک ئێران کە مێژوویەکی دوورودرێژی لە دەوڵەتداری هەیە. ڕەنگە هیچ ڕۆمانێک وەک ڕۆمانی «قەپیلک»ی نووسەری سووری «مستەفا خەلیفە» کە «هەورامان وریا قانع» وەری گێڕاوە قسەی لەسەر زیندان و ئەو وەحشیگەرییە نەکردبێت کە لە زیندانەکانی ئەم خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەدا ڕوودەدەن. لەم ڕۆمانەی مستەفا خەلیفەدا کە باسی دەستگیرکردنەکانی دوای ساڵانی ١٩٨٢ دەکات لەسەر دەستی ڕەفعەت ئەسەدی برای حافز ئەسەدی سەرۆککۆماری سووریا، لێرەدا بەسەر وەحشیگەرییەکدا دەکەوین مووی گیانی مرۆڤ ڕاست دەکاتەوە، دەبێت باوک لە نێوان چوار کوڕدا هەڵبژێرێ کامیان گوللەباران بکرێ، دەبێت کورتەباڵایەک و باڵابەرزێک بە نۆرە سواری یەکتربن. (دوکتۆر کامەران قەرەداغی)ش لە یادەوەرییەکانی ماوەی زیندانیکردنی لە زیندانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، دەگاتە جێیەک کە زۆر ڕاستگۆیانە دەڵێ بتڵیان تێبرپیم.

لەم زیندانانەی خۆرهەڵات و ئەوانەی ئەمریکای لاتین و ئەفریقایش، ئەوەندەی لە ڕێگەی فیلم و ڕۆمانەوە بینیومانە و خوێندوومانەتەوە، زیندانیکردن بۆ تکێشکاندنی کەسایەتی مرۆڤەکانن نەک بۆ چاککردنیان کە بۆ خۆی ئەرکی زیندان ئەوەیە. ڕەنگە لە هەموو دنیایشدا وابێت و ئەوروپایش لە دوای دووەمین جەنگی جیهانەوە کەمێک بارودۆخی زیندانەکانی چاک کردبێت، ئەگەرنا زیندانەکانی سەردەمی جەنگ، بەتایبەت لە هەر دوو بەرەی

سۆڤێتی ئەوسا و ئەڵمانیای نازی، کارێکیان بە مرۆڤ کردووە، مێژوو بۆ هەمیشە ناتوانێ لە بیری بکات.

لە زیندانەکانی ئێران و لەو شوێنانەی دلاوەری پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەی لێ زیندانییە، کەمتر هەواڵ لە کاری نامرۆڤانە لەلایەن خودی ئێرانییەکانەوە هەیە، بەڵام لێرەدا شتێکی تر دەبینین کە ڕێک ڕەنگدانەوەی کولتووری وڵاتێکی وەک عێراقە. لەم زیندانەدا خودی زیندانییەکان بە درێژایی ئەو هەژدە ساڵە بەردەبنە گیانی یەکتری و کارێک بە یەکتری دەکەن ئێرانییەکان وەک خاوەنی زیندانەکان سڵ دەکەنەوە بیریشی لێ بکەنەوە. هەر لە لاقەکردنی یەکتری و سووکایەتی تا دوا سنوور و تا دەگاتە ئەوەی چەند کەسێک لە یەکتریش دەکوژن. خوێنەر لە هەندێک شوێندا دەبێت کتێبەکە دابنێ و بیر بکاتەوە، تۆ بڵێی شتی لەم جۆرە هەبێت و کۆمەڵێک هاووڵاتی وڵاتێک و هاوچارەنووس ئاوها لە یەکتری بکەن؟!

ئەم ڕۆمانە قسەی زۆر هەڵدەگرێ، بەڵام لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین کۆی گشتی ڕۆمانەکە لەسەر جەنگ و هونەرە، نووسەر دەیەوێ پێمان بڵێ هەمیشە دەنگی هونەر لە دەنگی جەنگ بەرزترە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە کۆتاییدا هونەرە. هونەر بە درێژایی مێژوو لە ناخی شەڕەکانەوە دەنگی بەرزکردووەتەوە و ڕێگەی بۆ ئەمرۆ کردووەتەوە و هەرگیز جەنگ ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ و کپی بکات.

**پەراوێز:**

**١- رمان به روایت رمان نویسان... میریام الوت، ترجمه علي محمد حقشناس، نشر مرکز، نوبت چاپ سوم، ١٣٩٣.**

**٢- هەمان سەرچاوە.**

**٣- هەمان سەرچاوە.**

**٤- سوزان سانتاگ، علیه تفسیر. ترجمه مجید اخگر، نشر بیدگل، ١٣٩٩**